


دەربارەی فەلسەفەی گۆڕی قیەتنا

(بەڵگەکان)

وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە:

دکتۆر حەمید عەزیز

44675

Preview sample - page 1 of 9 - Soran University Academic Digital Library

PiLosophy of Wiener Kreis
Aus dem Deutschen ins Kurdische
Von: Dr. Hameed Aziz.

دەربارەی فەلسەفەی کۆڕی ڤیەننا

(دوکۆمینتەکان)

- وەرگێڕ لە ئەڵمانیەوە: دکتۆر حەمید عەزیز
- تایپ و هەڵەچن: هیمداد محەمەد مستەفا
- تیراژ: (١٠٠٠) دانە
- نرخ: (٥٠٠٠) دانـە
چاپی یەکەم ساڵی ٢٠١٣
شوێنی چاپ: چاپخانەی ڕۆژهەڵات/هەولێر
کوردستان - هەولێر

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (١٣٦) ی ساڵی ٢٠١٣ ی پێ دراوە.

لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر/هەولێر ژمارە (١٢٣)

Preview sample - page 2 of 9 - Soran University Academic Digital Library

پێڕست

١-پێشەکی وەرگێڕ..... ٥
٢-مانیفێستی کۆڕی ڤیەننا: ١٢
تێگەیشتنی زانستیانەی جیهان..... ١٢
٣-مۆرێتس شلیك: بارگۆڕینی فەلسەفە..... ٥٢
٤- ڕودۆلف کارناپ: ٧٩
بەزاندنی میتافیزیك بەهۆی شیکردنەوەی ٧٩
٥- ڕودۆلف کارناپ : لوجیکی کۆن و نوێ..... ١٢٢
٦- هانز هان: ١٥٣
جەوهەرە پترلەپێویستیەکان: ١٥٣
تیغی تراشەکەی ئۆکام..... ١٥٣

Preview sample - page 3 of 9 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی وەرگێڕ

١- لەساڵی ١٩٢٩ز لەشاری ڤیەننای پایتەختی نەمسا (ئۆتریش) رێکخراوێك بەناوی یەکگرتووی ئێرنست ماخ، لەژێر ناونیشانی: کۆڕی ڤیەننا:

((تێگەیشتنی زانستییانەی جیهان))

نامیلکەیەکی بڵاوکردۆتەوە تێیدا پێکهاتنی کۆڕ و بازنەیەکی فەلسەفەی بەناوی کۆڕی ڤیەننا وە ڕاگەیاندوە. لە پێشەکی نامیلکەکەدا زانای بیرکاری پڕۆفیسۆر هانزهان سۆسیولۆج پڕۆفیسۆر ئۆتونوێرات و فەیلەسوف بەناوبانگ، ڕۆدۆلف کارناپ، واژویان کردووە.

نامیلکەکە دەکرێ بەقەبالّە و دۆکۆمینتێك دابنرێ لە چەند بەشێك پێکهاتووە، لەسەرەتادا بەگشتی باسی کەش وهەوا و ڕەوشی فەلسەفە و زانست و ژیانی ئەکادیمی ئەوسای زانکۆی ڤیەننا و چۆنیەتی دروست بوون و دامەزراندنی ئەو ڕێبازەی فەلسەفە لەوێ دەکات، ئینجا ئەجیندای مەبەستی ڕێبازەکە و هەڵوێستی بەرامبەر بە فەلسەفە و زانستەکانی دیکە ڕوون دەکاتەوە

- ڕێباز و فەلسەفەی کۆڕی ڤیەننا شان بەشانی ڕەوتە ئیمپریست و پۆزیتیڤیستەکان، ئەو خۆی هەردووکیانی گرتۆتەخۆی، لەگەڵ کانتیانیزمی

Preview sample - page 4 of 9 - Soran University Academic Digital Library

نوێی ماربورگ و بادن و فینومینۆلۆجی ئیدمۆند هوسەرڵ، لەو زانکۆی دەڤەرانەی بە زمانی ئەڵەمانی دەئاخڤرێ، لە نێوان هەردوو جەنگی یەکەم ودووەمی جیهانیدا جۆرە وەرچەرخان و بارگۆڕینێکی بەرچاوی لە هزری فەلسەفەدا کردووە، رێبازەکە پتر بەناوی ((پۆزیتیڤیستی نوێ، پۆزیتیڤیستی لۆجیکی، ئەوزموونی لوجیکی)) ناودەبرێ، ساڵی١٩٢٩ز لەزانکۆی ڤیەننا بەڕابەرایەتی پرۆفیسۆر مۆریتس شلیك و ئەندامێتی:

- هانزهان.
- ئۆتو نویرات.
- رودۆلف کارناپ.
- فلیپ فرانك.
- هیربیرت فایگل.
- فێلیکس کاوفمان
- کارڵ مێنیگەر.
- کورت گوودل.
- فیکتور کرافت.

دامەزراوە، وەك زانراوە لودڤیك ڤتگنشتاین و کارل پوپەر ئەگەر ئەندامی کۆڕەکە نەبوون، بەڵام پەیوەندی پتەو و تۆند و تۆڵیان لەگەڵ ئەندامەکانیدا هەبووە.

مۆریتس شلیك (١٨٨٢– ١٩٣٦ز) دامەزرێنەری رێبازەکەیە، دوای تەواوکردنی تێزەی دکتوری لە ڕشتەی فیزیك بەسەرپەرشتی پرۆفیسۆر ماکس پلانك (١٨٥٨– ١٩٤٧ز) لەبەرلین، لەزانکۆی کیل لەباکوری ئەڵەمانیا

Preview sample - page 5 of 9 - Soran University Academic Digital Library

بە مامۆستا دامەزراوە و بەیەکجاری پشتی کردۆتە فیزیکی تیوری و ڕووی کردۆتە جیهانی پان و بەرینی فەلسەفە، بە شاکاری ((ڕێبازی گشتی زانین)) ناوبانگی دەرکردووە، کتێبەکە خۆی بابەتی تیوری زانین و فەلسەفەی زانستییە، شلیك لەو بەرهەمەیدا تیوری زانینی بە کاکڵە و پوختەی چالاکی فەلسەفە داناوە هەوڵیداوە پشت نەستور بە نەزموون و شارەزایی (Erfahrung) زانین لەسەر بنچینەی زانست دابمەزرێنێ لەسەرەتادا ڕیبازەکەی خۆی بەتیوری زانینی ڕێئالیستیانە ناوناوە، لەچوارچێوەی ئەو تیۆرییە دەڤەری هەڵکەوتی کردوە بەسێ بەشەوە:

- هەڵکەوت (واقیع) خۆی کە بریتیەلە:

پێکهاتە چۆنییەتیە- خەسڵەتیەکان وشت لەخۆیدا

- چەمکە چەندییەکانی زانستی سروشت کە بنەمای هەڵکەوتی لێپێکدێت و لەتێکڕای کۆیەکەیدا جیهانی چەمکی فیزیك پێکدەهێنێ.

- بۆچوونەکان، کە بەهۆیانەوە چەمکە چەندییەکانی زانستی سروشت لەهۆشدا وێناو بەرجەستەدەبن.

هەر لەو شاکارەیدا بابەتی چەمکە ئپستمیە سیمبۆلییەکانی تاووتوێ کردووە. چەمکەکان لە چەند سیمبولێك بەولاوەنین کە دەخرێنەپاڵ ئەو واقیعەی بە هەستەکان پەی پێدەبردرێ، ئەوان بەشێوازی دیاریکراو لە رستە ودەستەواژەو پرۆپۆزیشنەکاندا دەردەکەون، پێکهاتەی واقیع دەردەبڕن.

بڕیاریش (حکم دان) چەند دەستەواژەیەکی دەربڕینن دەخرێنەپاڵ پەیوەندییەکانی نێوان بابەتەکانی بەرهەست. بەوپێیە راستی (هەقیقەت) لەو

Preview sample - page 6 of 9 - Soran University Academic Digital Library

خستنەپاڵ ودەربڕینە بەولاوە نییە [٢]، ئیتر بڕیارەکان دەخرێنە سەروپاڵ فاکتەکان.

لەڕووداوێکی دڵتەزێندا لەزانکۆی ڤیەننا ساڵی (١٩٣٦ز) کاتێک ویستوویەتی بچێتە هۆڵی وانەگوتنەوەوە لەپشتەوە بەچەک دەستدرێژی کراوەتەسەرو ژیانی لێ ستێنراوە. بەو کارەساتە جیهانی فەلسەفە ڕابەرێکی لەدەست داوە.

٢- ڕابەرانی ڕێبازی کۆڕی ڤیەننا Wiener Kreis جگە لە بەگژداچوون ودوژمنایەتی کردنی هەموو ڕێبازێکی میتافیزیکی، تیوری زانستی، لۆجیک و شیکردنەوەی لۆجیکی زمان و میتودەی لۆجیکی بیرکاریی mathematik ئەو دەڤەرانەی فەلسەفەبوون کەچالاکی خامە ڕەنگینەکانیان تێدا خستوتەکار.

کۆڕی ڤیەننا ئەو دەست پێشخەرییەی بۆ تۆمارکراوە کە سەرنجی بۆئەو ڕۆڵەی زمان ڕاکێشاوە کە لە چارەسەرکردن و بەلایەکداخستنی کێشەکانی تیوری زانین ولۆجیکدا دەیگێڕێ. هەروەها ڕابەرانی ئەو کۆڕە لەو باوەڕەدابوون شیکردنەوەی لۆجیکیانەی زمانی ڕێبازە فەلسەفییە ئایدیالیستەکان دەستەبەری بەزاندنی یەکجارەکی میتافیزیک دەبێ. لەو سۆنگەیەوە وای بۆچوون ئەو بابەت و پرسیار و کێشانەی تاکو سەردەمی ئەوان فەلسەفە باسی کردوون دەکرێ بکرێن بەسێ بەشەوە:

یەکەم: هەندێک پرسیار و بابەت لەلایەن فەلسەفەوە قسەیان لێکراوە بەڵام دەکرێن پشت ئەستوور بە فاکتەرە ئەزموونییەکانیان، بەڕێگا و ئامرازی زانستیە ئەزموونییەکان وەڵام بدرێنەوە و بەلایەکدا بخرێن

Preview sample - page 7 of 9 - Soran University Academic Digital Library

دووەم: ئەوبابەت و پرسیارانەی کە پتر پوختە و سروشتەکەیان پەیوەندییان بەزمانەوە هەیە، ئەو کێشە و پرسیارانە بەهۆی ڕوونکردنەوەی چەمک و ڕستە و دەستەواژەکان (پرۆپۆزیشنەکان) دەکرێ بەلایەکدا بخرێن.

سێیەم: پرسیار و کێشەکانی میتافیزیک. ئەو پرسیارانە ناکرێ وبگرە لە توانادا نییە وەڵامێکی ڕاست و دروستیان بدرێتەوە، هەروەها ناکرێ بەزمانی زانست، بە چەمکەکانی زانست بە گشتی فۆرمولە بکرێن و دابڕێژرێن و دەربڕدرێن[٣]. تۆێژینەوەی دروستی ئەو کێشانە بەهۆی شیکردنەوەی لۆجیکی زمانەوە دەبێ و ئەو چالاکیە ڕوون و ساغی دەکاتەوە کە پرسیار و بابەت و کێشەکانی میتافیزیک بێ واتان.

ئەو پرسیارەی لێرەدا بە بیردا دێت، ئایا ئەو دیار و دەستنیشانکردنەی سنووری بابەتی فەلسەفە و ئەو دابەشکردنەی بابەتەکانی فەلسەفەی باوی کلاسیک بەو شێوەیە بەبنەمایەکی دروست و ژیرەکی پشت ئەستوورە یاخود جۆرە بێ پێزکردنی فەلسەفەی پێوە دیارە؟

٢- بەمەبەستی بڕەودان بەچالاکییەکانی کۆپی ڤیەننا گۆڤارێکی بەناوی زانین Erkenntnis بڵاوکردۆتەوە، تاوەکو کۆژرانی شلیک شەش ژمارەی لەشاری لایپتزیکی ئەڵمانیا دەرچووە [٤]. کۆپی ڤیەننا لەساڵی ١٩٣٤ز لەشاری پراگی کۆماری چیک کۆنگرەی تیۆری زانینی زانستەکانی گرتووە. لەساڵی ١٩٣٥ز لەشاری پاریسی فەڕەنسا و لەساڵی ١٩٣٦ ز لەشاری کۆپنهاگنی دانیمارک دوو کۆنگرەی جیهانی یەکگرتنی زانستەکانی بەستووە، لەو کۆبونەوە جیهانیانەدا پترلە١٠٠ بابەتی فرە ڕەنگ لە چوارچێوەی فەلسەفە و زانستە جۆربەجۆرەکان پێشکەشکراون، هەر چوار زمانی

Preview sample - page 8 of 9 - Soran University Academic Digital Library

ئەورووپایی: ئەڵەمانی، فەڕەنسایی، ئینگلیزی و ئیتالیایی، بەکارهاتوون[٥].
کۆبوونەوەو کۆنگرەکان جگە لە جێگیرکردنی بنەماکانی ڕێبازی فەلسەی کۆڕی ڤیەننا جۆرە لە یەک نزیک بوونەوەیەکی لەنێوان ڕیباز و قوتابخانە فەلسەفەییەکانی سروشت دژ بە میتافیزیک و لۆجیک و زانست و بیرکاری دەستە بەرکرد، بەتایبەتی پەیوەندییەکی گەرم وگوڕ لەنێوان کۆڕی ڤیەننا و ڕێبازە ئیمپرییە دژبە میتافیزیکیەکان و قوتابخانەی لۆجیکی دارشەو بەسەرۆکایەتی پرۆفیسۆر ئەلفرێدتارسکی و ئیمپریزمی لۆجیکی ولاتانی سکەندێناڤی وئینگلەتەڕەو ئەمەریکاو فەڕەنسا بەستراوە.

٤- ئەو بەڵگانەی لێرەدا بڵاوکراونەتەوە، لەچوارچێوەی چالاکییەکانی کۆڕی ڤیەننا بەزمانی ئەڵەمانی نووسراون ولەگۆڤاری ((زانین)) دا یاخود بەشێوەی نامیلکە چاپکراون، بەگشتی جیهاندیدی کۆڕەکە بەرجەستە دەکەن، بەتایبەتی هەڵوێست بەرامبەر بە فەلسەفە و هەردوولقی لۆجیک وتیۆری زانین، ئینجا چۆن قسە لەکێشە جەنجاڵەکانی میتافیزیک بکرێت.

قەڵادزێ- جوتکانیان
٢٠٠٩ / ١١ / ٥

Preview sample - page 9 of 9 - Soran University Academic Digital Library